# خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان داواکارن ئاوڕی جددییان لێبدرێتەوە

پلاتفۆرمی حەوت کابینەی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی خاڵی ئەرێنی و دەستکەوتی باشی لە زۆر بواردا لەخۆگرتووە، بەڵام دەلاقەی دەرگەی زۆرێك لە هیواکانی هاووڵاتیانیشـــی تا هەنووکە داخستووە، یان ئەگەر لە دەرگەشی دابێت، رووکەشی سەردانی ئاریشەکان کراوەو چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزراوەتەوە. یەکێك لەو دەرگەیانەش کە دەبوو بە جددی ئاوڕی لێبدەنەوە، خانەی بەرفراوانی توێژێکی هەستیاری کۆمەڵگەیە، کە بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ناسراون. ئەوان هەست دەکەن زۆر جار بە پێدانی مووچەیەکی رەمزی سووکایەتییان پێکراوەو لە تێکەڵکردنیان بە کار و پیشـــە و بەرهەمهێنان و داهێنان دابڕێندراون. لە ئێستاشـــدا کە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومـــەت لە ئارادایە، خوازیارن لە بەرنامەی کاری حکومەتدا جێگەیان بۆ بکرێتەوەو چیدی خەون و ئاواتەکانیان پەراوێز نەخرێن.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

## سەنتەرەکانی پێگەیاندنی خاوەن پێداویستی ئەرکی خۆیان جێبەجێ نەکردووە

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵگەن کە بەهۆی زگماکەوە، یان بەهەر ڕووداوێکی سرووشتی و مرۆیی بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە، ئەوان لە پرۆسەی ژیان دانەبڕاون و زۆربەشیان خێزانیان هەیە و بۆ دابینکردنی بژیوی ڕۆژانەی خۆیان بەپەرۆشن. بەڵام بە هۆی تایبەتمەندیی جەستەییەوە کۆمەڵێك گرفت و بەربەست ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. یەکێك لە گەورەترین گرفتی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان نەبوون، یان کەمی ژمارەی سەنتەر و پەیمانگەی تایبەتمەندە کە بتوانێت، بەشێوەیەك خزمەت بە پێشکەوتنی تواناکانیان بکات. زۆربەیان گلەییان لەوە هەیە کە حکومەتی هەرێم وەك پێویست کاری بۆ پێشخستنی بوارەکانی خوێندنی ئەوان نەکردووە، باسی ئەوەش دەکەن کە ئەو سەنتەر و پەیمانگەیانەی کە ئەرکیان پێگەیاندنی خاوەن پێداویستی تایبەتە، بۆتە شوێنێك بۆ دامەزراندنی کەسە ئاساییەکان و ئەوان پشتگوێ خراون.

## سەنتەرەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستیی تایبەت تەقلیدین و کار بەپیاسای ساڵانی هەشتاکان دەکەن

محەمەد ڕەسووڵ قوتابی بەشی کۆمەڵناسییە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین و وەك کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە کابینەی نوێی حکومەت بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستییانە لە گرفتەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بکۆڵێتەوە. هاوکات دەڵێت: هەتا ئێستا بەشێوەیەکی دروست باس لە گرفتەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت نەکراوە، گرفتی ئێمە چەند جۆرێکە و سەرەکیترین جۆریان لەوەدایە کە حکومەت بیری لەکێشە بنەڕەتییەکانی ئێمە نەکردۆتەوە، بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کەسانی زیرەك و بەهرەمەندن و ئەگەر برەو بەتواناکانیان بدرێت، نەك پێویستیان بەهاوکاری ماددی نابێت، بەڵکو دەبنە کەسانی بەرهەمهێن و دەتوانن سوودێکی باشیان بۆ کۆمەڵگە و خیزانەکانی خۆیان هەبێت، بەڵام بەداخەوە سوودیان لە تواناکانیان وەرنەگرتووە. هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی سەنتەر و پەیمانگەی تایبەتمەند و شیاو بۆ ڕاهێنانی پسپۆڕی دەگەڕێتەوە.

بە بڕوای ئەو گەنجە نابینایە، چەند سەنتەرێکی تایبەت بە خاوەن پێداویستیی تایبەت هەن، بەڵام «ئەو سەنتەرانە زۆر تەقلیدین و کار بەپیاسای ساڵانی هەشتاکان دەکەن، خوێندنی ئەم سەنتەرانە ئەوەندە ئاساییە بەشێکی زۆر لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان سوودی لێ وەرناگرن، هەروەها بەرنامەیەکی ئەوتۆی فێرکردنیان بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی خاوەن پێداویستیی تایبەت نییە، سەرەکیترین گرفتیش لە قۆناغی ئامادەیی دەستپێدەکات، چونکە نازانن چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن، بەهۆی ئەوەشەوە توانای پێگەیاندنیان نییە». گوتیشی: پێویستە ئەو سەنتەرانە گرنگیی زیاتریان پێبدرێت و، بۆ پێشوازیکردن لە خاوەن پێداویستی تایبەت بە درێژای ساڵ دەرگەیان لەسەر پشت بێت.

محەمەد باسی لەوەش کرد کە کێشەیەکی زۆر گەورەی خاوەن پێداویستیی تایبەت ئەوەیە بە پارەیەکی کەم و مووچەیەکی ڕەمزی سووکایەتییان پێدەکرێت، کەچی هاوینان هیچ سەنتەر و شوێنێك نییە ڕووی تێبکەن. لە ئێستاشدا ئەم سەنتەرانە ڕۆژانە تەنیا چوار کاتژمێر دەرگەیان کراوەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم لە کابینەی نوێدا سیستەمێك دابنێت کە کەسی خاوەن پێداویستیی تایبەت بەدرێژی ڕۆژ لە دەوەری ماڵ بێت و لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان پەروەردە بکرێت. بەوەش هەم خاوەن پێداویستییە تایبەتەکە زیاتر تواناکانی گەشە دەکات، هەم خێزانەکەشی زیاتر ئاسوودەیی دەبینێت.




## بە سیستەمی نوێ و زانستی کەسانی بەتوانا و بەرهەمهێن دروست دەکرێن

زێرەڤان بورهان مونیر مامۆستایەکی نابینایە و ئەویش دەڵێت: ئەگەر سیستەمێکی گونجاو بۆ پێگەیاندن و خوێندنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەبێت، ئەوا بەشێکی زۆریان کە هەتا ئەمڕۆ سوود لە تواناکانیان وەرنەگیراوە، دەبنە کەسێکی زۆر سەرکەوتوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو سیستەمەی کە پەیمانگە و سەنتەرەکانی پێگەیاندنی خاوەن پێداوییستیی تایبەت کاری پێدەکەن، سیستەمێکی زۆر کۆنەوەو هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، لەکاتێکدا پێویستە سیستەمی کارکردنی ئەم شوێنانە لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بێت. واتە بە سیستەمی نوێ و زانستی کەسانی بەتوانا و بەرهەمهێن دروست دەکرێن.

## حکومەت چەندین هەنگاوی باشی هەڵگرتووە

لەلای خۆیەوە دڵشاد قادر خۆشناو سەرۆکی کۆمەڵەی کورتە باڵایانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە حکومەت چەندین هەنگاوی باشی بۆ خزمەتکردن بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەڵگرتووە و گوتیشی: ئێمە دەستخۆشی لە کارەکانی حکومەت دەکەین بۆ ئەو پڕۆژانەی کە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتان ئەنجامی داوە، بەڵام کێشەی خاوەن پێداویستیی تایبەت زۆر لەوە زیاترە کە هەتا ئێستا باس کراوە. پێویستە زیاتر بیر لە ئایندەی ئەم توێژەی کۆمەڵگە بکرێتەوە، نەك تەنیا باسی ئەمڕۆ بکرێت، ئێمە پێمان باشە حکومەت پلانی بۆ ئایندەی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەبێت، بە کردنەوەی سەنتەری شیاندن و بە سوود وەرگرتن لە مامۆستایانی پسپۆڕ و لێهاتوو داهاتوویان دروستبکات، چونکە ئەگەر خاوەن پێداویستی



**پێویستە کابینەی نوێی حکومەت بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستییانە لە گرفتەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بکۆڵێتەوە**

**سیستەمێکی گونجاو بۆ پێگەیاندن و خوێندنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەبێت تاکو سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت**

تایبەت سەنتەری شیاندنی پێشکەوتووی هەبێت، ئەوا کەسی زۆر بەتوانای لێدەردەچێت و دەتوانێت خزمەت بەکۆمەڵگە بکات، بۆیە ئەرکی حکومەتە هەوڵی ئەوە بدات، کە کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت.

ئەو مامۆستایە ڕەخنە لە سیستەمی مووچەی کەئەندامان دەگرێت و دەڵێت:

بەداخەوە ئەوەی هەتا ئێستا کاری لەسەر کراوە، تەنیا لەوەدا کورت بۆتەوە کە حکومەت مووچەی بۆ ئێمە دابین کردووە، گەرچی ئەمە کارێکی زۆر باشە، بەڵام دەکرێت هەوڵبدرێت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت تواناکانیان پێشبکەوێت و بکرێنە کەسی بەرهەمهێن و تواناکاینان زیاد بکرێت، ئەویش بەوەی کە هەوڵی ئەوە بدرێت، پەیمانگە و سەنتەرەکان لەسەر بنەمایەکی پێشکەوتوو بۆ پێشخستنی تواناکانی خاوەن پێداویستی تایبەت کاربکەن و ئەو سەنتەرانە سەرجەم بوارەکان بگرێتەوە، نەك تەنیا گرنگی بەیەك لایەن بدەن. چونکە ئەو سەنتەرانەی کە ئێستا کاردەکەن و لەسەر سیستەمی پەیمانگە بۆ ئەوەی بتوانرێت کەسێکی بەتوانا بەرهەم بێت کەبتوانێت خۆی داهاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکات.

جەختی لەوەش کردەوە کە بەهۆی بوونی سیستەمێکی دیاریکراو لە پەیمانگەکان بەشێکی زۆر لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە خوێندن بێبەشبوون، پێویستە ئەم سیستەمانە لەسەر بنەمایەك دابڕێژرێت کە هەموو کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت سوودی لێوەر بگرێت.

سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵایان ئەوشی دووپات کردەوە کە هەتا ئێستا نەتوانراوە گرفتی خاوەن پێداویستی تایبەت چارەسەر بکرێت، چونکە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو کار بۆ پێشخستنی تواناکانیان نەکراوە، گوتیشی: وەك دەبینین دەوامی ئەم پەیمانگە و سەنتەرانە زۆر کەمە و پێویستە کاتی دەوامکردنیان ئەوەندە بێت کە بتوانرێت سوودی لێوەربگرن.

سامی محەمەد ئەمین بەڕێوبەری کارگێڕیی کۆمەڵەی کورتەباڵایان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: پێویستە حکومەت ئەرکی سەرشانی دایك و باوکی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کەم بکاتەوە، واتا ئەگەر منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت لەبەیانییەوە هەتا ئێوارە لە پەیمانگە مایەوە، جگە لەوەی زیاتر تواناکانی گەشە دەکات، ئەوکات دایك و باوکیشی کەمێك ماندووبوونیان دەڕەوێتەوە و ئەرکی سەر شانیان کەمتر دەبێت.

**تەنیا لە هەولێر نزیکەی ٣٣ هەزار خاوەنی پێداویستیی تایبەت هەن**

دواتر بۆ زیاتر تێگەیشتن لە گرفتەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و هەنگاوەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، مایکی (گوڵان)مان خستەبەردەم د. ڕۆزە عەبدوڵلا بەڕێوەبەری گشتی چاودێریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەولێر و سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە ئێستا





تەنها لە هەولێر نزیکەی ٣٣ هەزار خاوەنی پێداویستیی تایبەت هەن کە ئەگــەر فەرمانبەر بێت مانگانــە بڕی ١٠٠ هەزار دینار و ئەگەر فەرمانبەریش نەبێت بڕی ١٥٠ هەزار دیناری مانگانەی پێدەدرێت. گوتیشی: ئێمە وۆرکشۆپێکی فراوانمان بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان سازکرد، کە تێیدا یاداشتێکمان بڵاوکــردەوەو داوامانکرد بەپێــی ڕێژەی پێداویســتییەکانی جەســتەیان مووچە بە کەســانی خاوەنی پێداویستیی تایبەت بدرێت، هەروەها داوای باشترکردنی کاری لیژنەی تەندروستی تایبــەت و دامەزراندنی خــاوەن پێداویســتییە تایبەتەکانمان لەهەردوو کەرتی گشتی و تایبەت کرد، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆر لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان پێویستییان بە چاودێریی تەندروســتی و ناردنە دەرەوەی وڵاتە بۆ چارەسەرکردن، بەڵام تا ئێســتا ئەو هاوکارییە نەبووە لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەوڵداین و لەئایندەدا کاری زیاتری لەسەر دەکەین.

## گرنگی بەبواری پسپۆڕی نەدراوە

د. ڕۆزە ئەوەشــی خســتەڕوو کــە خەمی هــەرە گەورەیان بەرفراوانکردنی ئەرکی ســەنتەرەکانی ئۆتیــزم و نابینایان و بیرکۆڵانە، بەڵام نەبوونی کادیری پســپۆڕ هۆیەکی سەرەکی چارەســەرنەبوونی گرفتــی ئەو جێگەیانە بووە. گوتیشــی: بێگومان ئۆتیــزم تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە بابەتێکی ئەوەندە ســانا نییە هەموو کەسێك بتوانێت کاری لەسەر بکات، ســەنتەری ئۆتیزم یەکێکە لەهەرە گرنگترین ســەنتەرەکانی ســنووری بەڕێوبەرایەتییەکەمان، ئێمە لەهەوڵی بەردەوامداین بۆ ئەوەی کە ئەو سەنتەرانە بەهێز بکەین و کارمەندی پسپۆڕ و کەسانی شــارەزای لەو شــوێنانە دابمەزرێنین، چونکە بە هــۆی نەبوونی خەڵکی پســپۆڕ گەورەترین گرفتمان هەیە، هەمان گرفت لەسەرجەم سەنتەرەکانی تری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دووبــارە دەبێتەوە، بەداخەوە لەســاڵانی ڕابردووش گرنگی بەبواری پســپۆڕی نەدراوە، ئەمەش بۆتە گرفتێکی گەورەی بەردەم پێشکەوتنی سیستەمی خوێندن و پێگەیاندنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان .

بەڕێوەبەری گشــتی چاودێری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەولێر جەختی لەوە کردەوە کە دابینکردنی ئایندە بۆ کەســانی خاوەن پێداویســتی تایبــەت دەبێت خەمی ســەرەکی بێت و گوتیشــی: ئێمە ڕێژەیەکی زۆر قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەتمان هەیە، ئەوان پێویســتیان بەوە هەیە کە هەتا قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکەن، لەناو پەیمانگەکانی ئێمە بن، من خۆم کار بۆ ئەوە دەکەم و بەڵێن دەدەم کە سیستەمی خوێندنی خاوەن پێداویســتی تایبەت بەرەوپێش ببەم، کە لەماوەی کارکردنماندا بتوانین بەشــێکی زۆر لەو گرفتانە چارەســەربکەین کە هەتا ئێستا نەکراوە.



**ئەرکی حکومەتە هەوڵی ئەوە بدات، کە کەسی خاوەن پێداویستیی تایبەت بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت**

**بەڵێن دەدەین سیستەمی خوێندنی خاوەن پێداویستی تایبەت بەرەوپێش بەرین و بەشێکی زۆر لەو گرفتانە چارەسەر بکەین کە هەتا ئێستا نەکراوە**



# لاوان خوازیارن حکومەت بۆ سەرجەم ئاریشەکانیان پڕۆژەی هەبێت

**لاوان پتانسیلی وەزبەخشــی هەر کۆمەڵگەیەکن و لە گشت کایە جیاوازەکانی ژیاندا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە، هەر کۆمەڵگەیەکیش تواناکانی گەنجی بەگەڕخســتبێت، پێشــکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینیوە. لە ئێستاشــدا لاوانی هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە کابینەکانی ڕابردووی حکومەتدا وێڕای ئەوەی شەڕی بڕوانامە و کارامەیی و لێهاتوویی و مەعریفەیان کردووە، کەچی بەهۆی کۆمەڵێ فاکتەری جۆراوجۆر لە پڕۆسەی ئیداری و سیاسیدا پەراوێز خراون، بۆیە خوازیارن حکومەتی نوێ بۆ سەرجەم ئاریشەکانیان پڕۆژەی هەبێت و زیاتر سوود لە وزە و کارامەیی گەنجان وەربگرێت.**

**نەبوونی پڕۆگرامێکی بەهێز قەیرانێکی نامۆی دروست کردووە**

توێژەری کۆمەڵایەتی ســلێمان ڕەشید، ســەرەتا باسی ئەوە دەکات کە پرۆســەی بەکۆمەڵایەتیبوون لە ژیانی تاکدا بەچەند قوناغێکدا دەڕوات، ئەوانیش بریتین لە: خێزان، (وەك یەکەم وێســتگەی ژیانی ئادەمیزاد) و دواتر قوتابخانە و پاشــان شــوێنی کار و پیشە، واتا هــەر قۆناغێك کاریگەریی تایبەتی خۆی لەســەر دروســتبوونی کەســایەتیی مرۆڤ هەیە، بەجۆرێك ناتوانیــن بڵێین ئەرکی هەر یەکێــك لەم قۆناغانە لەوەی دی کەمتــرە. هاوکات گوتی: یەکێك لە فاکتە گرنگەکانی دروستبوونی گەنجی بەرهەمهێن پرۆگرامی خوێندنــە و کاریگەرییەکی زۆری بۆ گەشــەی گەنج هەیە، بەڵام نەبوونی پڕۆگرامێکی بەهێز یەکێکــە لەو گرفتانەی کە گەنجی کوردی ڕووبەڕووی قەیرانێکی نامۆ کردۆتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

### دەبێت لاوان دەنگی خۆیان هەبێت و دەسەڵاتیش گوێ لەو دەنگە بگرێت

چنوور حەمەحوسێن بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ئەنجومەنی سلێمانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: هەنگاوی سەرەکیی ئێمە بۆ پێشکەوتنی گەنجی کورد، دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێبکات، کە پێویستە کار بۆ ئەوە بکەین گەنجی کورد هەست بەبوونی خۆی بکات و تواناکانی خۆی بناسێت و بزانێ چۆن گەشەی بدات. ئەوەش وای لێدەکات ئامانجەکانی خۆی بە هۆشیارییەوە دیاری بکات. جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە تێڕوانینی کومەڵگەش بۆ گەنج، بە قەدەر تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی بێت.

چنوور حەمەحوسێن گەنج بە فاکتێکی بەرچاوی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە دەزانێت و دەڵێت: لاوان لەڕووی زانستی و فکرییەوە هەوڵی خۆپێگەیاندن دەدەن، هەر بۆیەش وەك مەشخەڵی ڕوونکردنەوە، بەگژ تاریکی و نەزانیدا دەچن و گیانی ڕەتکردنەوەی دۆخە ناهەموارەکانیان بەهێزە.

ئەو کادیرەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ئەنجومەنی سلێمانی بە پێویستی دەزانێت لاوان خاوەن دەنگی خۆیان بن و لایەنی دەسەڵاتیش بە جددی گوێ لەو دەنگە بگرێت. گوتیشی: بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەیی لەهزری گەنج و لاوی ئەم وڵاتەدا پیرۆزیی خۆی لەدەست نەدات و گەشەبکات، دەبێت ڕێگە بدرێت، دەنگی جیاواز و ڕای جیاواز هەمیشە کاری خۆی بکات و، خەڵکی هۆشیار و ڕۆشنبیر بتوانن ئازادانە تەعبیر لەئیرادەو ڕای خویان بکەن.

### دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداریی گەنج لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری و ئابووریدا ڕەخساوە

لەلای خۆیەوە سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (حەسەن شێخ عەلائەدین)، ئەوەی خستەڕوو کە ئەوان وەك یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەمیشە گرنگی بە توێژی قوتابی دەدەن و توێژی قوتابیش بەشێکی سەرەکییە لە توێژی گەنج، گوتیشی: ئەوەمان لەیاد نەچێت، گەنج داینەمۆی هێز و توانای بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەیە، وەك دەشزانرێت زۆرترین ڕێژەی گەنجان لەچینی قوتابی پێکدێت. بۆیە یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەمیشە خزمەتی چین و توێژەکانی قوتابیانی لە گشت ناوەندەکانی خوێندن کردووەو دەیکات، ئێمە وەك یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کار لەسەر چەند پرۆژەیەك دەکەین، یەکەمیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە گەنجی بەتوانا لەڕووی زانیستییەوە پێ بگەیەنین و بتوانن کۆمەڵگەیەکی بەهێز و تۆکمە دروست بکەین کە گەنجی بەرهەمهێن دروست بکات، ئەویش بە گرنگیدان بە ناوەندەکانی خوێندن و بەهێزکردنی لایەنی مەعریفی و ئاستی زانستی قوتابیان و برەودان بەو توانایانەی کە قوتابیان لەڕووی زانستییەوە هەیانە.

حەسەن شێخ عەلائەدین لە درێژەی قسەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە لە سیستەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو گەنجی کورد بەتەواوەتی فەرامۆش کرابوو، بۆیە پێگەیەکی ئەوتۆی سیاسییان نەبووە، بەڵام لە دوای ئازادبوونی هەرێمی کوردستان و دامەزرانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداری گەنج لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری و ئابووریدا ڕەخساوە. گوتیشی: یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەمیشە کاری بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی گەنجی بەئەزموون کردووە و لە ئێستاشدا پرۆژەی زۆری سیاسی و فکریمان هەیە بۆ ئەوەی گەنجان پێبگەن و بتوانن ئەرکی سیاسی و مەعریفی لەئەستۆ بگرن.

### حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی نائۆمێدی گەنج چارەسەر بکات

کاروان عەلی گەنجێکی خاوەن کۆمپانیایە و ماوەی چەند ساڵێك لە هەندەران ژیاوە. ئەو دەڵێت: پێشتر گەنج لە کوردستان کێشە و گرفتی زۆری هەبوو، داهاتووی نادیار بوو. کار نەبوو. بۆیە بەشێکی زۆریان تەنانەت یارییان بە ژیانی خۆیان کرد و بە قاچاخ چوونە هەندەران، بەڵام لە ئێستادا چ لە بواری خوێندن و چ لە بواری کەرتی تایبەت و حکوومی دەرفەتی زۆر بۆ گەنجان ڕەخساوە و گەنجیش خۆی دەبێت بۆ خۆی و بۆ وڵاتەکەشی پلانی هەبێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا حکومەتی داهاتوو پێویستە زۆر پلان و بەرنامەی تایبەتی بۆ گەنج هەبێت و ئەرکی سەر شانیەتی نائۆمێدی و بێکاری گەنج چارەسەر بکات.

### بەشێکی زۆر لە گەنجان ئەندامی پەرلەمانن و پرۆژەیان بۆ گەنج هەیە

زانا عەبدولڕەحمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە دەرخستنی تواناکانی گەنجان بۆ ئەوەی ئەو هێزە ببێتە توانایەك بۆ برەودان بە تواناکانی کۆمەڵگە و کۆسپەکانی بەردەم ئەو ڕەوتە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە پێشتر لە حکومەتی عێراقی دیکتاتۆر و داگیرکەری کوردستاندا هەرگیز حسابیان بۆ گەنجی کورد نەکردووە و گەنج بەشێوەیەکی گشتی لە سیستەمی عێراقی رابردوودا فەرامۆش کرابوو، ئەمەش هۆیەکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی گەنج هەست بە فەرامۆشکردن بکات، بێگومان بەهۆی ئەمەشەوە دیدێك دروستکراوە کە گوایە گەنجان توانای کارکردنیان نییە و ناتوانن لە بەڕێوەبردنی کایە جیاوازەکانی وڵاتدا بەشدار بن.

ئەو پەرلەمانتارە میکانیزمی کاراکردنی گەنجان بە هەنگاوێکی زۆر گرینگ هەژمار دەکات و دەڵێت: بەداخەوە دیدێك دروستبووە کە گوایە بەڕێوەبردنی وڵات کارێکە تەنها ئەرکی ئەو کەسانەیە کە تەمەنێکیان هەیە و تەنیا ئەوان توانای کارکردنیان هەیە، ئەمە گرفتی زۆری بۆ گەنج درووستکردووە، ئێستا ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین کە میکانیزمێك بۆ زیاتر کاراکردنی ڕۆڵێ گەنجان بدۆزینەوە و پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین کە گەنج بێنە پێشەوەو لە سیستەمی سیاسی و ئابووری وڵاتدا ڕۆڵێکی کارا بگێڕن، واتە دەبێت بتوانین هانی گەنجان بدەین، کە ڕۆڵێکی کارا لە ئایندەی ژیانی کۆمەڵگەدا بگێڕن، خۆشبەختانە ئێستا هەندێك دەرگا بۆ هاندانی گەنجان کراوەتەوە و لەچەندین لاوە کار بۆ ئەوە دەکریت کە گەنجان بێنە پێشەوە لو لە بواری سیاسی و ئیداری و ئابووری بەشداربن.

ئەو پەرلەمانتارە زیاتر گوتی: هەندێك جاریش کەمتەرخەمییەکە بۆ خودی گەنج دەگەڕێتەوە، چونکە پێویستە بەکار و خۆماندووکردن و وەرگرتنی پسپۆڕی بێنە پێشەوە و ئەوەش بزانن کە کوردستان وڵاتی گەنجانە و هەمیشە پێویستی بەوە هەیە کە زیاتر بێنە نێو کایەی سیاسی و زیاتر کار بۆ ئەوە بکەن کە گەنج پێگەی هەبێت. لە ئێستادا دەرفەتێکی زۆر باش هەیە کە بەشێکی زۆر لە گەنجان ئەندامی پەرلەمانن و دەتوانن هاوکاری پێگەیاندنی گەنجان بکەین، من بەش بەحاڵی خۆم گەشبینم و هیودارم لە ئایندەدا زیاتر هانی گەنجان بدرێت کە بێنە پێشەوە و ڕۆڵێکی کارایان لە بەڕێوەبردنی وڵات هەبێت. ئێمەش وەك گەنجانی پەرلەمانتار کار بۆ برەودان بە تواناکانی گەنجان و بەهێزکردنی ئاستی پێگەی زانیستیان دەکەین، هەوڵدەدەین بە پرۆژەکانمان برەو بەتواناکانی گەنجی هەرێمی کوردستان بدەین .

پەرلەمانتار زانا عەبدولڕەحمان:

**لە هەوڵی ئەوەداین کە میکانیزمێک بۆ زیاتر کاراکردنی ڕۆڵێ گەنجان بدۆزینەوە و پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین کە گەنج بێنە پێشەوەو لە سیستەمی سیاسی و ئابووری وڵاتدا ڕۆڵێکی کارا بگێڕن**

چنوور حەمەحوسێن:

**لاوان لەڕووی زانستی و فکرییەوە هەوڵی خۆپێگەیاندن دەدەن، هەر بۆیە وەک مەشخەڵی ڕوونکردنەوە بەگژ تاریکی و نەزانیدا دەچن و گیانی ڕەتکردنەوەی دوخە ناهەموارەکانیان بەهێزە**

حەسەن شێخ عەلائەدین:

**وەکو یەکێتیی قوتابیانی کوردستان پرۆژەی زۆری سیاسی و فکریمان هەیە بۆ ئەوەی گەنجان پێبگەن و بتوانن ئەرکی سیاسی و مەعریفی لەئەستۆ بگرن**